خاوەنی ئیمتیاز
جەمیل سنجاوی

سەرنووسەر
بەختیار محەممەد
makhmur@yahoo.com

www.mexmurpress.com

ژمارە (١٢) رۆژنامەیەکی رۆشنبیری گشتییە ، لە مەخموور دەردەچێت نرخ (٥٠٠) دینار سێشەممە ٢٠٠٩/٩/١٥ ٢٤ی گەلاوێژی ٢٧٠٩

## گەڕانەوەی ٧٢ چەکی قەرەبووی ماددەی ١٤٠ تایبەت بە سنووری قەزای مەخموور




بۆ ئەو هاوڵاتییانەی کە ناویان هاتووەتەوەو مامەڵەی ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ دەیانگرێتەوە لەسنووری نووسینگەی مەخموور باسەردانی لیژنەی دارایی سەربە لیژنەی ماددەی ١٤٠ لەوەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بکەن بۆ وەرگرتنی چەکەکانیان‌و هەموو پێداویستییەکانیش لەگەڵ خۆیان بهێنن.

تێبینی: تەواوی ناوەکان لەلاپەرە ٥ بخوێنەوە.

### قایمقامی قەزای مەخموور:

# گەڕانەوەی مەخموور بۆ سەر ئیدارەی هەولێر دواخرا

## سامەرایی: گەڕانەوەی مەخموور نایاسایی‌و نادەستوورییە



**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

ئەگەری گەڕانەوەی قەزای مەخموور بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە بڕیار وابوو لەئایندەیەکی نزیك بگەڕێتەوە سەر ئیدارەی هەولێر دواخراو قایمقامی مەخمووریش ئاماژە بەوە دەدا کە هۆی دواکەوتنی گەڕانەوەی مەخموور بەهۆی مەسەلەی هاتنە پێشی هەڵبژاردنەوە بووە، هەرچی جێگری سەرۆکی بەرەی تەوافوقی عێراقە داخوازی کوردەکان بۆ گەڕانەوەی مەخموور بۆ سەر هەرێمی کوردستان بە کارێکی نایاسایی‌و نا دەستووری لە قەڵەمدا.

(بارزان سەید کاکە) قایمقامی قەزای مەخموور لەلێدوانێکی تایبەت بە (دەنگی مەخموور) رایگەیاند "لەبەرئەوەی مەخموور بە بڕیارێك خراوەتە سەر موسڵ‌و ئێستاش بەپێی یاسای عێراق هەر لەسەر هەولێرە"، لەبارەی ئەو هەنگاوانەی دەنرێت بۆ گەڕانەوەی مەخموور وتی "ئێستا هەوڵێکی جدی لە نێوان هەولێرو حکومەتی فیدراڵدا هەیە بۆ ئەو مەبەستە لیژنەیەك دانراوەو کار لەسەر گەڕانەوەی مەخموور دەکەن". بارزان سەید کاکە پێی وابوو کە گەڕانەوەی مەخموور دەکەوێتە دوای هەڵبژاردنی عێراقەوە.

قایمقامی مەخموور ئەوەشی راگەیاند "ئەو لیژنەیەی بۆ گەڕانەوەی ئەو ناوچانە دانراوە پێشنیازی گەڕانەوەی مەخمووریان داوە بە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق، ئەوەی ماوە ئەوەیە کە واژووی لەسەر بکات، بەڵام وادیارە بەهۆی سەرقاڵیان بە هاتنە پێشی پرۆسەی هەڵبژاردنەوە ئەو واژوو کردنەیان دواخستووە".

لەلایەن خۆیەوە (عەبدولکەریم سامەرایی) جێگری سەرۆکی بەرەی تەوافوقی عێراقی داواکاری گەڕانەوەی مەخمووری بۆسەر هەرێمی کوردستان بەنادەستووری‌و نایاسایی لەقەڵەمدا، لەلێدوانێکیدا بۆ (خەبەر) سامەرایی رەتیکردەوەو گوتی "کەوا سنووری ئیداری هەیە لەنێوان پارێزگاکان‌و کەس ناتوانێ پێشێلی بکات، هەر ئەو سنوورەشە کە لەساڵی ٢٠٠٣ەوە کاری پێ دەکرێت". سامەرایی جەختی لەسەر ئەوە کردەوە "ئەگەر ناوچەکە کێشەی لەسەرهەبێ ئەوا پێویستە رێوشوێنی بۆ وەربگیرێت‌و چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە عێراق ئارام بێ، بەڵام ئەگەر ناکۆکی سیاسی‌و ئیداری لەئارادابوو وەك چۆن لەموسڵ هەیە ئەوکات ناتوانرێ چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە".



ئازاد مەخمووری:
**دیاردەی سواڵکردن لە کوردستان پەرەدەسێنێ..ل٤**



نیان ئیمام:
**فیمینزم (مێ پەروەری).. ل٥**



ئەحمەد رامبۆ:
**یەکێتی ناوەندی لەشجوانی کەمتەرخەمە بۆ پێشخستنی ئەم یارییە ... ل٧**

## بەڕێوەبەری ئاسایشی مەخموور لەسەرکار لادەبرێت‌و چەند بەڕێوەبەرێکی دیکەش دەگۆڕدرێن

**تایبەت بەدەنگی مەخموور**

دوای لێکۆڵینەوەی ئاسایشی مەخموور لەگەڵ رۆژنامەنووسانی دەڤەرەکە، بەڕێوەبەری ئاسایشی مەخموور لە سەرکار لادەبرێت‌و، لەلایەن خۆیەوە (هەژار مەلا عومەر) بەڕێوەبەری ئاسایشی مەخموور هۆکاری گواستنەوەکەی بۆ هۆیەکی ئیداری گەڕاندەوە.

سەرچاوەیەك لەئاسایشی مەخموور هۆکاری گواستنەوەی بەڕێوەبەری ئاسایشی مەخمووری بۆ ئەو لێکۆڵینەوانەی دوایی گەڕاندەوە کە ئاسایشی ئەو شارە لەگەڵ رۆژنامەنووس‌و هاوڵاتیانی مەخموور ئەنجامیدابوو، بەڵام (هەژار مەلا عومەر) بەڕێوەبەری پێشووی ئاسایشی مەخموور ئەوەی رەتکردەوە کە لەسەر ئەو لێکۆلینەوانە گواسترابێتەوە، لەلێدوانێکی تایبەت بە(دەنگی مەخموور)، رایگەیاند "شتی وانییەو گواستنەوەکەم بەهۆی کارێکی ئیداری بوو، ئەوەش شتێکی ئاساییە کاری سەربازییەو ئەمڕۆ لێرەو سبەی لەشوێنێکی تر". سەبارەت بەهۆکاری لێکۆلینەوەیان لەگەڵ رۆژنامەنووسانی مەخموور هەژار مەلا عومەر ئاماژەی بەوەدا "ئێمە لێکۆلینەوەمان نەکردووە لەگەڵ ئەو رۆژنامەنووسە، بەڵام چەند زانیارییەکی لەسەر بەرزکرابۆوە کە گوایە گوتوویەتی: با حکومەتی عێراق بێتەوە مەخموور ئەوانە دەربکات".

هەر سەبارەت بە لادانی بەڕێوەبەری ئاسایشی مەخموور، مولازم محەممەد بەڕێوەبەری بنکەی ئاسایشی مەخموور ئەو هەواڵەی پشتڕاستکردەوەو لەلێدوانێکدا گوتی "لابردنی هەژار مەلا عومەر وەك بەڕێوەبەری ئاسایشی مەخموور، مەسەلەیەکە پەیوەندی بە وەزارەتی ناوەخۆو بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاسایشی هەولێرەوە هەیە مەسەلەیەکی گرنگە ناتوانم لەوە زیاتر لەسەری بدوێم".

سەبارەت بە لادانی چەند بەڕێوەبەرێکی دیکە لە سنووری قەزای مەخموور، بارزان سەید کاکە (قایمقامی قەزای مەخموور) لەلێدوانێکدا گوتی "گۆڕینی بەرپرس‌و بەڕێوەبەرەکان شتێکی ئاساییە واباشە هەر ٣ ساڵ جارێك گۆڕانکاری بکرێت، جگە لە بەڕێوەبەری ئاسایشی مەخموور، چەند گۆڕانکارییەکی دیکە دەکرێت ئەمەش بۆ مەبەستی چاکترکردنی رەوشی ئیدارییە لەناوچەکە".

### سەرۆکی کوردستان:

## بەدیلی ماددەی سەدو چل رەتدەکەینەوەو بەهیچ شێوەیەك سازشی لەسەر ناکەین

مەسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان لەکۆبوونەوەیەکی لەگەڵ نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق (ئاد میلکەرت). سەبارەت بەرەوشی سیاسی‌و داواکارییەکانی هەرێمی کوردستان، لەبارەی هاوکاری مرۆیی، ئابووری‌و کۆمەڵایەتی لەنەتەوە یەکگرتووەکان تاوتوێکرد".

سەبارەت بە ماددەی ١٤٠ی دەستووری هەمیشەیی عێراق سەرۆکی کوردستان روونیکردەوە "کە کورد رۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرز دەنرخێنێت‌و هیوادارە هەموو لایەك، هاوکاریی بکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە".

دواتر سەرۆکی کوردستان رووی لەنوێنەرەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردو گوتی "ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان دەیەوێت ئەو کێشانە بەگوێرەی ماددەی ١٤٠ی چارەسەر بکات ئەوا ماددەکە زۆر روونەو چارەسەرەکە لە ٣ قۆناغ پێکهاتووە.

لەبارەی بوونی بەدیلی‌و پێشنیازی دیکە، بۆ جێگرتنەوەی ئەو ماددەیە، سەرۆکی کوردستان دووپاتیکردەوە "کورد بە هەموو شێوەیەك بەدیلی ئەو ماددەیە رەتدەکاتەوەو بەهیچ شێوەیەك سازش لەسەر ئەو ماددە دەستوورییە ناکات".



بڕوانە لاپەرە (٣)

## لەیلا زانا: هاتنی تورکیا بۆ یەکێتی ئەورووپا بۆ کوردان زۆر باشە



تەلەفیزیۆنی رۆژ تی ڤی لەسەر ماڵپەرەکەی خۆیدا رۆژی ٢٠٠٩/٩/٨ بڵاویکردەوە کەدادگا بڕیاری زیندانیکردنی ژنە سیاسەتمەداری کوردی هەڵوەشاندۆتەوە دوای شەش جار دانیشتن. لەهەواڵەکەدا هاتووە زانا بەهۆی ئەوەی بەزمانی کوردی قسەی کردبوو لەئاهەنگی نەورۆزی رابردوودا بڕیاردرابوو دووساڵ زیندانی بکرێت، بەڵام دادگا لەدوا دانیشتنیدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم بڕیاریدا.

لەلایەکی دیکەوە خانمە سیاسەتمەداری کورد لەیلی زانا لە ئێوارە دانیشتنێکدا لەپەرلەمانی هۆڵەندا گوتی "تاکە شتێك کە گەلی ئێمە داوای دەکات مافی مرۆڤە، بەڵام لە جیاتی ئەوە ناومان لێدەنێن تیرۆریست".

لەیلا زانا نەشیشاردەوە کە ئەوپەڕی پشتیوانی دەکات لە هاتنی تورکیا بۆ ناو یەکێتیی ئەوروپا، چونکە بەبڕوای ئەو ئەوە نەك هەر باشە بۆ تورك‌و ئەوروپاییەکان، بەڵکو بۆ کوردانیش زۆر چاکە هەروەك گوتی "یاسایەك هەیە بۆ ئەندامانی ئەو یەکێتییە. ئەویش ئەوەیە کە هەر گەلێك بۆی هەیە داوای جیابوونەوە لەدەوڵەتێك بکات، ئەگەر هەستی ئەوەی هەبێ لەچوارچێوەی ئەو دەوڵەتەدا هەست بە تەناهی ناکات". بۆیەش بەبڕوای زانا ئەوە دەبێت بەچەکێکی بەهێز بەدەست کوردانەوە.

## پێشبینی دەکرێت یەکەم رۆژی جەژن عەلی کیمیایی لەسێدارە بدرێت

بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نزیك لەسەرۆك وەزیرانی عێراقەوە بڕیارە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان (عەلی حەسەن مەجید) ناسراو بە عەلی کیمیایی لەسێدار بدرێت. پاش ئەوەی دادگای تایبەت بە ئەنفالکردن‌و جینۆسایدکردنی کورد بڕیاری لەسێدارەدانی بۆ عەلی کیمیاوی دەکرد بڕیارە یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆز تاوانبار لەسێدارە بدرێت. هەر بەپێی هەمان سەرچاوەی نزیك لەسەرۆك وەزیرانی عێراقەوە رەنگە لەسێدارەدانەکەش دوابخرێت بۆ جەژنی قوربان.

بەگوێرەی سەرچاوەیەکی رۆژنامەوانی لەهەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد پێ دەچێت بەر لەکۆتایی ئەم مانگە عەلی کیمیایی‌و تاوانبارانی دیکەی شاڵاوەکانی ئەنفال لەسێدار بدرێن، ئەو سەرچاوە ئەوەشی ئاشکراکرد کە دادگا رەزامەندی نیشانداوەو ماوەتەوە ئەوەی سەرۆك وەزیری عێراق حوکمی ئیعدام کردنەکە ئیمزا بکات.